جلێک) میزی کچە منداڵی پێوە بێت؛ دەبێت بشۆردرێت،) و(جلێک) میزی کوڕە منداڵی پێوە بێت؛ تەنها ئاوی پێدا دەکرێت بەسەردا دەپرژێنێت-

لە ئەبی سەمحەوە دەڵێت: خزمەتی پێغەمبەرم دەکرد -صلى الله عليه وسلم-، ئەگەر بیویستایە خۆی بشوات، دەیفەرموو: «پشتم لێبکە»، بۆیە منیش پشتم لێدەکرد ودامدەپۆشی (بە شتێک)، جارێکیان حەسەن وحوسەین -ڕەزای خوایان لێبێت- بۆ لای هێنران، (کوڕە منداڵەکە) میزی کرد بەسەر سینگیدا، کاتێک ویستم (جلەکە) بشۆم، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «(جلێک) میزی کچە منداڵی پێوە بێت؛ دەبێت بشۆردرێت، و(جلێک) میزی کوڕە منداڵی پێوە بێت؛ تەنها ئاوی پێدا دەکرێت -بەسەیردا دەپرژێنرێت-».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

ئەبو سەمح -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە خزمەتی پێغەمبەری خودای دەکرد -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- ویستی خۆی بشوات بۆیە داوای لە ئەبی سەمح کرد پشتی لێبکات بۆئەوەی خەڵکی دیار نەبێت وخۆیشی نەیبینێت، وپاشان باسی ڕووداوێکی کرد ئەویش ئەوە بوو جارێکیان حەسەن وحوسەین -ڕەزای خوایان لێبێت- بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هێنران، بەڵام یەکێکیان میزی کرد بەسەر سینگیدا، ئەبو سەمح ویستی جلەکەی بشوات، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆی ڕوونکردەوە کە جلێک میزی کوڕە منداڵێکی پێوە بێت کە خۆراکی نەخواردبێت -هێشتا لە ماوەی شیرپێدان بێت-؛ تەنها ئاوی پێدا دەکرێت -بەسەیردا دەپرژێنرێت- بەسەر شوێنەوارەکەیدا بۆئەوەی پاک بێتەوە وئەمیش بەسە، وپێویست ناکات جلەکە بشۆردرێت، بە پێچەوانەی جلێک میزی کچە منداڵی پێوە بێت؛ دەبێت بشۆردرێت، ئەگەرچیش لە ماوەی شیرپێدان بێت، وسەبارەت بە ئەم جیاوازیە زانایان بەم شێوەیە ڕوونیان کردووەتەوە: - زۆر جار پیاو وئافرەت منداڵی کوڕ هەڵدەگرن زیاتر لە کچ بۆیە جل زۆرجار تووشی میزەکەی دەبێت وئەمیش شۆردنی قورس وناڕەحەت دەبێت. - میزی کوڕە منداڵ بە توندی دەردەچێت وبڵاو دەبێتەوە زۆربەی شوێنەکانی جلەکە تووشی دەبێت بۆیە شۆردنی هەموو جلەکە قورسە بە پێچەوانەی میزی کچە منداڵەوە. - میزی ئافرەت پیستر وبۆگەنترە لە میزی پیاو، ئەمیش بەهۆی ئەوەی ناوچەی ئەندامی نێرێنەی پیاو گەرمە، بەڵام ئافرەت بەو شێوەیە نییە، وئەم گەرمییە وا دەکات بۆگەنی وپیسیەکەی کەمتر بێت لە میزی ئافرەت. ئەمە هەندێک جیاوازییە کە زانایان باسیان کردووە؛ ئەگەر ڕاست بێت ئەوا چەند حیکمەتێکی باشە کە جیاوازیەکان ڕوونەدەکاتەوە، ئەگەر ئەم حیکمەتانە ڕاست نەبێت ئەوا حوکمی خوای گەورەیە؛ بۆیە ئێمەش دڵنیایین کە شەریعەتی خوای گەورە لە ئەوپەڕی حیکمەتدایە، چونکە شەریعەت جیاوازی ناکات لە نێوان دوو شتدا کە لە ڕووکەشدا وەکو یەک بن، مەگەر حیکمەتێک هەبێت ببێتە هۆی ئەوەی جیاوازی هەبێت لە نێوانیان، حوکمەکانی خوای گەورە بە پێی بەرژەوەندی بەندەکانە؛ ولەوەیە ئەم بەرژەوەندیە لای مرۆڤ دیار بێت ولەوەیشە دیار نەبێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8371